## Why Iraq needs interfaith harmony now more than ever

**7/02/2023**

له ١٩ـی ١ـی ئەمساڵ، هەڵبژاردەی ئێراق توانی جامی کەنداوی ٢٠٢٣ بەدەستبهێنێت کە لە شاری بەسرە لە باشووری ئێراق بەڕێوەچوو. بەشێک لە بەشداربووان لە ‘دەستپێشخەریی هاوبەش بۆ کردەی ستراتیژی ئایینیی (جیسرا)'، گەشتێکیان لە قەزاکانی دەشتی نەینەوا و پارێزگای کەرکوکەوە بۆ بەسرە ڕێکخست. سەرەڕای ئەوەی بەشداربووان، گروپ و پێکهاتە و ئایینی و نەتەوەی جیاواز بوون، بەڵام یەک پاڵنەریان هەبوو: هەموویان دەیانویست گەشت بکەن بۆ باشوور بۆ پشتگیریکردنی هەڵبژاردە نیشتمانییەکەیان.

ئەم گەشتە ڕەنگە لە چاوی هاوڵاتیانی ئێراقدا بچووک دەربکەوێت، لێ نابێت گرنگییەکەی لەبەرچاو نەگیرێت، چونکە چالاکیی و پشتیوانیی لە نێوان ئایینەکاندا هەمیشە مسۆگەر نییە. حوکمڕانی ئێراق کە هاوشانە بە دابەشبوونی تائیفیی دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی سەدام حوسێن و سەرچاوەی لەو هەوڵانەوە گرتووە کە لە پێناو 'بە نیشتمانیکردنی' یەک عێراقی یەکگرتوو و هەوڵی وەکیەککردنی زمان و کولتوور و ئایینەکاندا نراوە، ئەم هەوڵ و تەقەلایانەش بووەتە هۆی پەراوێزخستن و گرژیی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا. سڕینەوەی جیاوازییەکان و پیادەکردنی وەدەرنانی ئەوانی دی لە هەندێ جاردا سەریکێشاوە بۆ ‘قەدەغەکردن’. ئەم جۆرە مامەڵەکردنە وا کەوتووەتەوە کە زۆرینە لەسەر ڕاستی بێت و کەمینەش وەک هەڵاوێردێک دەرکەوێت. بەپێی ئەم پاشخانەش، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان گرووپە ئایینییە جیاوازەکان لە سەرانسەری ئێراقدا تێکشکاوە، بۆیە هەندێجار وەک ئەوەی لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا بینراوە، وێرانکاری خوڵقاندووە. ئەمەش سەلێمنەری ئەوەیە ئێستا ئێراق لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە ئازادی ئاین و ئازادی بڕوا هەیە.

دەستپێشخەریی هاوبەش بۆ کردەی ستراتیژی ئایینیی (جیسرا) هەوڵدەدات لەڕێگەی هەوڵێکەوە بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی زیاتری نێوان ئایینەکان چارەسەری دابەشبوونی تائیفی لە ئێراق بکات. ئەم پێکەوەییە پێنج ساڵەیە هەوڵدەدات پێکەوەژیانی هاوسەنگ و ئازادی هەمووان بەرەوپێش ببات، جیسرا لەگەڵ پێکهاتە ئایینییە جۆراوجۆرەکان لە سەرانسەری ئێراق کاردەکات و یارمەتیان دەدات بۆ دۆزینەوەی بەها و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان. چالاکییەکانی جیسرا بە سێ شارێگای جیاواز جێبەجێ دەکرێن، یەکەم: کارکردن لەنێو خوودی یەک ئاییندا، دووەم: کارکردن لە نێو تێکڕای ئایینە جیاوازەکاندا، سێیەم: کارکردن لە دەوەی ئاینەکاندا. هەموو ئەم چالاکییانە بە شێوەیەکی هاوتەریب ئەنجام دەدرێن، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پەیوەندیکردن لەگەڵ گرووپە ئایینییەکانی دیکەدا دەتوانێت لێکتێنگەیشتن و قسەڵۆکەکان پووچەڵبکاتەوە و پێکەوە هەمووان بەشداربن لە بەهێزکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی.

بۆ نموونە بیرۆکەی ڕێکخستنی گەشتێکی هاوبەش بۆ بەسرە بۆ نیشاندانی پشتیوانیی بۆ هەڵبژاردەی ئێراق لە کاتی جامی کەنداودا، لەلایەن خودی بەشداربووانی جیسراوە پێشنیارکرا. بۆیە کاتێک پرسیاریان لێ کرا دەربارەی ڕۆڵی جیسرا لە ڕێکخستنی ئەم گەشتە، سەرەڕای جیاوازییە ئاینیی و کلتووریەکانیان، ئەمان پێکەوە گەشتیان بۆ بەسرا کردووە، ئەوان وەها وەڵامیان دایەوە:

“پڕۆژەی جیسرا، بەگشتیی، لەڕێگەی بەشداریکردن و تێکەڵبوون لەگەڵ کولتووورە جیاوازەکاندا تێگەشتنی سەرەکیی گۆڕیوین، بەتایبەتی ئەو پرسانەی پەیوەندی بە ئاشتیی و یەکێتیی کۆمەڵایەتیەوە هەیە. گەشتم بۆ بەسرا شتێک بوو کە پێشتر هەرگیز بیرم لێ نەکردبووەوە، چونکە پێموابوو کە لەوێ هێرشم دەکرێتە سەر، بە پێچەوانەوە هیچ لە دژم نەکرا، بەڵکوو زیاتر لەگەڵ شیعەکاندا تێکەڵ بووم و شتیان لێوە فێربووم.” ( ئەمە وتەی بەشداربوویەکی تەمەن ٢٦ ساڵی خەڵکی بەعشیقەیە)

"ئەمویست برۆم بۆ بەسرا، چەنکە پێشتر هەرگیز ئەوێم نەدیبوو، دەمویست زیاتر لەسەر کلتووریان بزانم. لە شاری بەسرا ئێراقی ڕەشپێست و موسڵمانی شیعە و پەیڕەوکارانی ئاینی بەهائیم بینیی. قسەوباسمان لەسەر کاریگەریی سیاسەت لە ناوچە جیاوازەکان و خاڵی هاوبەشی نێوانمان کرد" (ئەمە وتەی بەشداربوویەکی تەمەن ٣٧ ساڵی حەمدانییە)

ئەم نموونانەی سەرەوە لە ڕۆژێکی وەک ئەمرۆدا کە ساڵوەگەڕی هەفتەی هارمۆنی برواجیاوازەکانە بۆ ئەوەیە کە پیشانی بدەین، کە دەکرێت یەک شووناسی نیشتیمانی بۆ تەواوی گرووپە ئایینیەکان درووستبکرێت. لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانی ساڵی ٢٠١٠ سەبارەت بە هارمۆنی بڕواجیاوازەکان، ئەوا هەموو ساڵێک لە ١ هەتا ٧ـی شوباتی هەموو ساڵێک

ئەم بۆنەیە لە جیهاندا و بە بەشداریی سەرکردەی ئایینیی و گرووپە چاکەکەرەکان سازدەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لە بەها باڵاکانی ئاینە جیاوازەکان سوود وەربگرن.

هاوبەشکارانی پرۆژەی جیسرا داوا لە خەڵک و کۆمەڵگە جیاوازەکانی ئێراق دەکەن، پێکەوە یادی ئەم رۆژە بکەنەوە و بیکەنە دەرفەتێک بۆ کاری پێکەوەیی و هاوبەش و ڕەخساندنی زەمینەیەک کە هەمووان هەست بە سەلامەتی بکەن و چێژ وەربگرن وەک ئەوەی هەمووان لە یارییەکی دووگۆڵیدا لەژێر یەک ئاڵادا یاریی دەکەن.

لە کاتێکدا ئەمرۆ دواین رۆژی یادکردنەوەی هەفتەی هارمۆنی بڕواجیاوازەکانە، جیسرا بەردەوامە لە چالاکیی و هەوڵە نیشتیمانییەکانی.

بۆ زیاتر زانین، بڕوانە:

:Search for Common Ground

Facebook: @sfcg.iraq

Instagram: sfcg_iraq

:Peace and Freedom Organization

Facebook: Peace and freedom organization-PFO

Instagram: pfoorg

:CAPNI

:Facebook CAPNI for Humanitarian Aids in Iraq